## ئەڵمانیای کۆلۆنیالیست و نامیبیای قوربانی

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢١/٦/٦

ئەگەرچی ئەڵمان لەمێژوودا بەهێزێکی کۆلۆنیالیستی دیاری وەک ئینگلیز و فەرەنسی و ئیسپانی و پورتوگالی و هۆڵەندی نەناسراوە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا لەو مێژووە ڕەش و قێزەونەی کۆلۆنیالیزم لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆماری کردووە پریشێکی بەردەکەوێ...

سەردەمی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی کۆلۆنیالیزم لەسەدەی ١٩ دا ئەڵمان بەتایبەت بسمارک چاوی بڕیبووە داگیرکردنی ئەوروپا زیاتر لەوەی هیچ ئامانجی پەلهاویشتن نەبوو بەرەو ئەفەریکا و ئاسیا.. هەر ئەم فاکتەشە کەوای کردووە ئەڵمان لەدەرەوەی ئەوروپا مێژوویەکی وا تایبەتی کۆلۆنیالیستی نییە. دوای دروست بوونی رایخی یەکەم لە ١٨٧١ لەسەر دەستی بسمارک دا، تا وازهێنانی ئەڵمان بە دراوسێکانییەوە سەرقاڵ بوو.. دوای وازهێنانی ئەو لەریکان ١٨٨٤-١٩١٥ هەندێ وڵاتی لە ئەفەریقا داگیر کرد.

وڵاتی نامیبیا، کۆلۆنی ئەڵمانیا بووە. لەسەردەمانێکدا ١٩٠٤-١٩٠٨ نزیکەی ١٠٠هەزار کەسیان لە دوو هۆزی دیاری ئەو وڵاتە، Herero,Nama کوشتووە. ئێستا پاش ١٠٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو کوشتارەدا، حکومەتی ئەڵمانی ددان بەتاوانەکەی ئەو جینۆسایدەی ئەنجامی داوە دەنێت و ئامادەی قەرەبووکردنەوەی زیان لێ کەوتووانە.. بڕیارە بڕی ١،١ ملیارد یۆرۆ بدرێتە نامیبیا، جگە لەوەی کەوا لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابووردوودا بڕی یەک ملیارد هاوکاری جۆراوجۆر پێشکەشی ئەو وڵاتە کراوە... لەبواری تەکنەلۆژی و کشتوکاڵ و زۆر بواری تریشدا ئەڵمانیا هاوکاری نامیبیایە...

هەردوو حیزبی گەورە CDU&SPD کۆمیسیۆنێکیان پێکهێناوە بۆ «کارکردن لەسەر کۆلۆنیالیزمی وڵاتەکەیان». دەیانەوێ وێنەیەکی تری ئەرێنی ئەڵمان نیشانی جیهان بدەن. لە ڕاستیشدا هەنگاوێکی نوێی و جێی ئەوەیە بەچاوێکی بەرزەوە تێی بڕواندرێ. هەر نەبێت لە ئێستادا وڵاتی قوربانی لە هیچ ڕوویەکەوە لە عۆدەیدا نییە ڕووبەڕووی ئەڵمان بێتەوە. کەواتە کاتێ دەسەڵاتدار چاکەیەک بە زیانی خۆی دەکات، مانا و بەهای گەورەی هەیە...

ئەوەی جێی سەرنجە ماوەی ٧ ساڵە هەردوو حکومەت بە بێدەنگی خەریکی گفتوگۆ و چارەسەری ئەم کێشە گەورەیەن...ڕێکەوتنێکی ٧ لاپەڕەییان گەڵاڵە کردووە. بابەتێکی تریشی بریتییە لە گەڕاندنەوەی تاڵانییە هونەرییەکان بۆ نامیبیا.

ئەم کێشە گەورەیە و ڕەهەندەکانی ئێستای پڕ لە پەند و سوودە بۆ مرۆڤایەتی ، دەست پێشکەرییەکەی ئەڵمانیا دەکرێ ببێتە سەرمەشق و دەشێ هەنگاوی تری لە وڵاتانی تریشەوە بەدوادا بێت!.. مێژووی ئەوروپا بەتایبەت تژی لە ستەمکاری و کۆلۆنیالیستییە، لەبەرانبەر ئەفەریکا و ئاسیا و تەنانەت ئەمەریکاش دا...

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کەوا لە ناوەوەی نامیبیا دەنگی ناڕەزایی گەورە بەرانبەر بەم ڕێکەوتنامەیە هەیە، بەتایبەت ئێستا نوێنەری ئەو دوو هۆزە لەدەسەڵاتدا نین... یاخود ڕەخنە و سەرنجی تریان بەرانبەر بە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە هەیە.

ئەڵمانیاش لەوە دەترسێ ئەم هەوڵ و هەنگاوەی سەرنەگرێ. بەتایبەت وەک بڕیارە سەرۆکی ئەڵمانیا Steinmeyer Walter بە فەرمی بچێتە پەرلەمانی نامیبیا بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە و لەوێ وتارێک بدات و داوای لێبووردن بکات بەناوی حکومەت و میللەتەکەیەوە...

من لای خۆمەوە دەستخۆش لە بوێری و داوا هەقەکەی نامیبیا دەکەم... هاوکات بە چاوێکی بەنرخەوە تەماشای هەنگاوەکەی ئەڵمانیاش دەکەم..

کوردیش... دەتوانێ لەم ئەزموونەوە شتێکی بەسوود فێربێ و بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە، یان هەر دەزگایەکی تری

جێی بڕوا و متمانەی خەڵکەوە، دۆسییەکی چڕو پڕ بە داتا و ئارگومێنتەوە بدەنە دەست دەستەیەکی دیبلۆماسی و لۆبیساز ،بەرۆکی ئینگلیز و فەرەنسا بەتایبەت بگرن! لەسەر ئەو تاوانانەی دەرهەق کورد ئەنجامیان داوە . جگە لە داوای قەرەبووکردنەوەی مادی، داوای پرسی سەربەخۆیی یاخود پاراستنی هەموو کوردستان لە داگیرکەران بگرنە ئەستۆ، چونکە جینۆسایدی کورد لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی دەستکردی ئەمانن هێشتا درێژەی هەیە.... لەم بارودۆخەدا قۆستنەوەی ئەم هەلودەرفەتە مێژووییە گەلێ گرنگە، کورد پێویستە باشترین سوودی لێ وەرگرێ..لەم وانەیەش سوود و پەندێ بچنێتەوە....

**٩.٦.٢٠٢١**



Denkmal in Windhuk in Namibia zur Erinnerung an den von deutschen Kolonialtruppen begangenen Völkermord an den Herero und Nama FOTO: DPA/JÜRGEN BÄTZ



Undatierte Aufnahme von Kriegsgefangenen des Deutschen Reichs in der damaligen Kolonie Deutsch-Südwestafrika, dem heutigen Namibia Foto: AFP/ NATIONAL ARCHIVES OF NAMIBIA



Schonungsloser Umgang: Herero-Gefangene, Deutsch-Südwestafrika, um 1904 Foto: Mary Evans / INTERFOTO




